# زمانی شیعریی‌و شوناسی ژنێتی له ئه‌زمونی شیعریی (که‌ژاڵ ئه‌حمه‌د ) دا

نیهاد جامی

ئه‌و ووتاره له‌ناو دوو په‌یوه‌ندیی جیاوازه‌وه دێته بوون‌و دواتر له‌هه‌وڵدانێکه بۆ یه‌کخستنه‌وه‌ی په‌یوه‌ندیه‌کان له ڕێگه‌ی سیستمێکی زمانه‌وانی له‌ناو گوتاری شیعریدا, هه‌ربۆیه به‌ر له‌هه‌ر شتێك به‌دوای که‌شفکردنی خۆیه‌تی به‌رله‌وه‌ی بیه‌وێت هیچ شتێك ئاشکرا بکات, ئه‌وه‌ش بۆته هۆی ئه‌وه‌ی له‌و سه‌ره‌تایه‌وه بپرسین:

ئایا په‌یوه‌ندیه‌ك هه‌یه له نێوان زمان و شوناس؟ وه ئاخۆ ئه‌و په‌یوه‌ندیه توانای ئه‌وه‌ی هه‌یه ببێته گوتارێکی سه‌ربه‌خۆ؟ کامه‌یان به‌شداریی له‌نووسینه‌وه‌ی ئه‌ویتر ده‌کات؟ وه په‌یوه‌ندیی نێوان ژن و شیعر دواجار ئایا ژن‌و شیعر ده‌چنه‌وه سه‌ر زمان و شوناس؟

ئه‌و پرسیاره به‌ته‌نیا وه‌زیفه‌ی ده‌روازه‌یه‌کی تیۆریی له‌ناو نووسین بنیات نانێت, هێنده‌ی ده‌یه‌وێت له‌و دیو په‌یوه‌ندیی نێوان زمان و شوناس, بگه‌ڕێته‌وه بۆ ئه‌زمونی ژنێتی له شیعریی (که‌ژاڵ ئه‌حمه‌د)دا, به‌وه‌ی ئاخۆ ئه‌و شاعیره توانای ئه‌وه‌ی ده‌بێت له ڕێگه‌ی زمانێکی ڕه‌گه‌زیه‌وه به‌دوای شوناسی ژنێتی بگه‌ڕێت؟ وه تا چه‌ند ئه‌و زمانه ده‌توانێ به‌شداریی بکات بۆ له‌دایکبوونی په‌یوه‌ندیی نێوان شیعرو ژن؟ ئایا ئێمه ئه‌زمونێکمان هه‌یه, که ئه‌زمونی مێیه‌تی بێت, که دیاره ئه‌وه‌یان به‌مه‌به‌ستی پۆلین کردنی ئه‌ده‌بی ژن نیه, به‌ڵکو گه‌ڕانه به‌دوای ئه‌زمونی ژن بوون.

ئه‌گه‌ر ده‌سته‌واژه هایدگه‌ریه‌که وه‌ربگرینه‌وه که زمانماڵی بوون بێت, ئه‌وه بوونی شاعیر بوونێکه وابه‌سته‌یه به‌زمانه‌وه, به‌ڵام زمانێك له‌ناو چه‌ندین ئاستدا گه‌شه به‌خۆی ده‌دات, به‌مانای ئه‌وه‌ی ئه‌وه زمانێکی یاخی نیه دێت یۆ وه ده‌ست که‌وتنی شوناسی ژنێتی, به‌ڵکو زمانێکه ئه‌وه‌ی شوناسی ده‌گۆڕێت په‌یوه‌سته به ئاسته جیاوازه‌کانی ژیان, ناکرێ نه‌ریت شوێنی شوناس بگرێت, ئه‌و نه‌ریته‌ی بووه به‌شوناس, ده‌بێ بڵێین ئه‌و شوناسه په‌یوه‌ست نیه به ته‌واوی قۆناغی ژیان, به‌ڵکو په‌یوه‌ست بووه به قۆناغێکی ده‌ست نیشانکراوی عه‌قڵی مرۆیی.

ئه‌گه‌رچی له‌سه‌ره‌تای نووسین ئێمه له‌به‌رامبه‌ر ئه‌زمونێکی یاخی گه‌رانه نین, به‌ڵام له‌پاڵ ئه‌وه‌شدا له‌ناو ئه‌زمونێکداین ئه‌زمونی مێینه‌تیه, ئه‌زمونێکه سه‌ره‌تا له ده‌قی"ئافره‌تێك به چرپه ووتی" ده‌بینین ژانی ئه‌و ژانی ژنێکه, که گه‌ر ژنه‌که بمرێت ئه‌ویش ده‌مرێت, بۆیه ستایشکردنی ژن له‌و ده‌قه‌دا ستایشکردنی جوانی نیه, جوانی به‌و پێوانه‌یه‌ی که له‌ناو سیما ڕووکه‌شه‌کانی جه‌سته‌دا کۆکراوه‌ته‌وه, چونکه جوانیه‌که له‌ناو گێڕانه‌وه‌ی زمانی نێرایه‌تی ده‌رنه‌چووه‌و ناتوانێ مێژووی برینی ژن بنووسێته‌وه, بۆیه شاعیر زمان له ستایشه‌وه ده‌گۆڕێت بۆ برین, به‌ڵام برینێك که ئه‌وه‌یان برینی هه‌ڕه‌شه‌کردنه له جوانی, بۆیه ئه‌گه‌ر پیاو بیه‌وێت ستایشی جوانی بکات, ده‌بێت به‌ته‌نگ ئه‌و هه‌ڕه‌شه‌یه‌وه بچێت که بێده‌نگی ئه‌و ده‌شێ جوانی بکوژرێت.

"من به‌بێ تۆ گورگ ئه‌مخوات/تۆش به‌بێ من/توانات نابێ خۆر دابگری/گێژاوه‌کانی سه‌ر زه‌مین لوولمان ئه‌دات/ده‌ستم بگره/با ون نه‌بم/ با ون نه‌بیت" وته‌کانی وتن لا12

بۆیه ئه‌گه‌ر قسه‌کردن له ئه‌زمونی ئه‌و شاعیره‌مان قسه‌کردن بووبێت له ده‌نگی ژنێکی توڕه, به‌ڕاده‌ی ئاماده نه‌بوونی پیاو له‌و گوتاره شیعریه‌دا, ئه‌وه هه‌ڵه‌یه‌کی تێگه‌یشتنه به‌وه‌ی ئه‌و گوتاره بانگه‌شه‌ی بۆ پێکه‌وه بوون کردووه, به‌ڵام به په‌راوێز خستنی بۆته هۆی ئه‌وه‌ی بانگه‌شه بۆ فه‌ردانیه‌تی ژنێتی بکات, چه‌ند ژنێتی فاکته‌رێکی نێو ئه‌و گوتاره شیعریه بێت, به‌ڵام نابێ ئه‌وه‌مان بیر بچێت که ئه‌وه‌ی ژن‌و شیعر به‌یه‌ك ده‌گه‌یه‌نێت عه‌شقه, عه‌شق له‌ناو زماندا ئاماده‌بوونی هه‌یه, ئه‌و ئاماده‌بوونه ساتی به‌ریه‌که‌وتنی زه‌مه‌نی شیعریی‌و سۆبجێکتی ژنێتیه.

"خۆت دوور بگره/له‌و ئاگره/من ببم به خۆڵه‌مێشیش/به‌خته‌وه‌رم/ئه‌گه‌ر تۆ بمێنیته‌وه"لا19

بۆیه ئه‌گه‌ر له‌سه‌ره‌تادا داوا له خۆشه‌ویسته‌که‌ی بکات که ده‌ستی بێنێت تا بیکوشێت, به‌ر له‌وه‌ی وه‌ك ژان دارك بیسوتێنن, به‌ڵام دواتر کاتێ ژنێتی خۆی له‌ناو شیعردا ده‌بینێته‌وه, ئه‌و ساته مانه‌وه‌ی خۆشه‌ویستو خۆڵه‌مێش بوونی خۆی به به‌خته‌وه‌ری ته‌فسیر ده‌کات., به‌ڵام دیسان ئه‌وه شکستی عه‌شقه, یا به مانایه‌کی تر ئه‌وه به‌تاڵ بوونه‌وه‌ی ئه‌و وێنه وه‌همیه‌ی خۆشه‌ویسته واده‌کات, که ئیدیی پیاو به‌لایه‌وه ته‌نیا کائینێکی نه‌رسیسی بێت نه‌ك عاشقێك که‌خه‌ونی گۆڕینی دنیای هه‌بێت, ئه‌وه‌ش ته‌نیا به ئاگاهاتنه‌وه نیه له یۆتۆپیای عه‌شق, به‌ڵکو به ئاگا هاتنه‌وه‌یه له دنیا له‌وه‌ی ژیانی نێو عه‌شق‌و شیعر, ژیانێك که‌هه‌موو ئاماژه‌کان ته‌نها ده‌لاله‌تی گوڵ ده‌به‌خشن, جیاوازه له ژیانێك که‌له‌ناو نه‌رسیسیه‌تی پیاو ئاماژه‌کان به‌رهه‌مهێنه‌ره‌وه‌ی ده‌لاله‌تی سه‌گ ده‌به‌خشن, هه‌ڵبه‌ت ئه‌وه‌ش ده‌لاله‌ته بۆ شه‌ر فرۆشتن به‌جوانی‌و ناشیرین کردنی جوانیه‌کان, ئه‌وه‌ش بۆ که‌ژاڵ بۆته هۆی ئه‌وه‌ی پرسیاری ئه‌وه بکات که‌تا ئازاریان پێی نه‌گه‌یاندبێ نه‌یزانیوه ئه‌وانه مرۆڤن یان زه‌رده‌واڵه‌ن, ته‌نانه‌ت ڕه‌فزی باڵیش ده‌کاته‌وه بۆ فڕین چونکه ئه‌و که بڕوای وایه عه‌شق وای لێکردووه گوڵانه تێبفکرێ پێویستی به باڵ نیه, به‌ڵکو باڵ بۆ ڕاکردنه له دنیایه‌ك که گه‌مه ناشیرینه‌کان ئاشکرا بووبن, ئه‌وه‌ش بۆ سه‌گه نه‌ك بۆ گوڵ.

ئەو دەروازەیە دەمانگەیەنێتە ئەوەی لە پشت فاکتەری یاخی بوون، ئەوە ژنێتی نەبوو بە دژی پیاو وەستایەوە، بەڵکو ئەوە خیانەتکردنی پیاو بوو لە عەشق، کە بووە هۆی ئەوەی شاعیرەکەمان تورە بکات، دیارە خیانەتکردنی پیاو چەمکێك نیە خاوەن دەلالەتی رەها بێت، کە دیارە ئەو چەمکە بۆ ژنیش هەلگری هەمان مانایە.، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە نووسینەوەی ئەو یاخی بوونەو ئەو فاکتەرەیە کە لە پشت ئەزمونی شاعیریەتی کەژاڵەوە ئامادەیە.
بۆیە شوناسی ژنێتی شاعیر شوناسی عاشقێکە بەڵام بەدوای ئەو یاخی بوونە بەرەو رووی شوناسی کچە شاعیرێك دەبینەوە بەوەی یاخی بوون هەمان دەرەنجامی ئەنتیگۆیانەی هەیە، چونکە پشت دەکاتە دەسەڵاتی موقەدەس، موقەدەس بەو مانایە نا کە تەنها دەلالەت لە تەوتەمی پیرۆزی ناو ئاین بکات، بەڵکو موقەدەس بە مانا کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان، بەو سیستمەی کەناو نراوە بە ئاکاریی کوردیی، ئاکارێك کەپەیوەستە بە نەریتێکی خێڵەکی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەی خێزانی کوردیی، ئەو یاخی بوونە لە موقەدەس پەیوەندیی نێوان زمانو شوناس دەباتە ئاستێکی رۆشنتر بەوەی گەشە کردنی بونیادە پێکهاتەکانی زمان هێزی مانەوە بەخۆی دەبەخشێتو هێزی بوونو خۆنوێکردنەوەش دەداتەوە بە شوناس.

شوناس لە ئەزمونی نووسین لای کەژاڵ بۆچی دەگۆرێت؟ دیارە ئەگەر شوناس پەیوەست بێت بەچەندین بنەمای کۆنکرێتی لە جۆری زمانو رەگەز، ئەوا ئاکارو بیرکردنەوەوپەیوەندیی کۆمەڵایەتی بە هیچ چەشنێك ناچنە ناو شوناسەوە، بەڵکو ئینتیماکردنیان بۆ شوناس مانای بەکۆنکرێت بوونیان نیە، بۆیە لەهەر گۆرانێکی ئەو واقیعەو گەشەی کۆمەڵایەتی، ئەوا دەشێ ئەوانیش گۆرانیان بەسەردا بێت.

ئەگەر بوون بەشێکی دیار لەناو شوناس دەست نیشان بکات، بەڵام ئەو بوونەی لە رۆژگارێکدا وابەستە دەبێت بە سیمبولێك لە رۆژگارێکی تردا دوور نیە ئەو سیمبولە بەتەواویی سەردەمی بەسەر بچێت وکەس ئاوری لێ نەداتەوە.
ئێستا با بەرەو پرسیارەکەمان بگەرێینەوە ئەو شوناسە لەناو نوسین بۆچی گۆرانی بەسەردا دێت؟ کاتێ شوناسی ژنێتی لەو ئەزمونەدا شوناسی کچێکی عاشقە کە لەناو زماندا ئامادەیی بوونە خۆڵەمێشی هەیە لەپێناو مانەوەی دۆست بەڵام ساتەوەختی بەکەم سەیرکردنی ژنێتیو بێبەهاکردنی خود دەبێتە هۆی ئەوەی وێنەی ژنێکی عاشق تێك بشکێت، بەرەو ژنێك کە بەدوای مانای رەگەزێتی ژنێتیەوە بروات، ئەوکاتەی شوناس لە رێگەی زمانەوە گۆرانی بەسەردا دێت، ژنو شیعر دەکەونە ململانێیەکی تر، ململانێیەك کە لەناو کتێبی ژن خۆیان رێك دەخەنەوە، کتێبی ژن بەو مانایەی کە ژنو شیعر بەیەکەوە دەقێکی جیاواز لەناو یاخی بوون دەنووسنەوە.

بەگژداچوونەوەی موقەدەس لەناو یاخی بوونی ئەو گوتارە شیعریە تێکشکاندنەوەی دەلالەتی ئاینیە بەرەو بنیاتنانی دەلالەتی سەردەمیانە، ئەوەش بەمەبەستی خولقاندنی فرە مانایە بۆ پاکیزەیی، مریەم ئەگەر لەناو چیرۆکی ئاینی ئاماژە بێت بۆ ژنێکی پاکیزە کە لە رێگەی موعجیزەوە مەسیحی دەبێت، ئەو ئاماژە ئاینیە کێشەی لەگەڵ دەلالەتی رابردوو هەیەو دەیەوێ خودیی شاعیریەتی خۆی بە پاکیزەتر و بەرەحمتر دەربخات، ئەوەش جیابوونەوەیە لەدنیای پیاو بەوەی لەعاشقێتیەوە بەرەو شوناسی ژنێکی پاکیزە دەچێت.

پاکیزەیی بەپێی ئەو مانایە نا کە دەسەڵاتی موقەدەسگەرا ئاماژەی بۆ دەکاتەوە، بەڵکو پاکیزەیی تێکشکاندنی دیدیی خورافیانەی ئاینو کۆمەڵگایە بۆ ئاکار، شەرم نەکردنە لەباوەشی ئەویتر، ئەوەش پێویستی بەهیچ داپۆشینێك نیە
"کە باخوڵی ئەوم دیبێ/ بۆناوم لێ بنرێ (عزراو) ؟؟" بەندەری بەرمۆدا، لا6

لێرەوە زمان لەناو بونیادەکانیدا جیاوازیەکانی خۆی لەگەڵ مریەم دەست پێدەکات، هەربۆیە دەق عیسایەکی وەهمی بەخۆی دەبەخشێت، هەموو پرسیارەکانی خۆی لە رێگەی ئەو منالە وەهمیە دەخاتە روو، نەك بەوەی خۆی بشوبهێنێ بە مریەم، چونکە دواجار مریەم دەتوانێ منالەکەی بداتە دەست یەزدان، کەچی ئەو ئامادە نیە ئەو کارە بکات، کە ئەوەش بەمەسەلەی دایکایەتیەوە دەبەستێتەوە، دایکایەتی چەمکێکە هەلگری دیدیی جیاوازە لای تەواوی فەیلەسوفانی فێمێنیستی ئەگەر ژنانێکی وەك "سیمۆن بۆڤار" هەبن بەکۆیلەبوونی ژن سەیری بکات ئەوە لەپاڵ ئەوەشدا بۆچونێکی تریش هەیە کە"کریستیڤا" رێبەرایەتی دەکاتو بە جیاواز لە مەسەلەی دایکایەتی دەروانێ تەنانەت ئەو چەمکە بە پێویستیەکی ژن سەیر دەکات.
شوناس لەناو زماندا دەیەوێ سێنتەری زمانی باو لێك بترازێنێت لە رێگەی رەخنەگرتنی لەو سیستمەی کە گوتاری نێربوونی بەرهەم هێناوە، گوتارێك لە رێگەی رەخنەگرتن لە نیتچە دەیەوێ بەدژی ئەو گوتارە بووەستێتەوە، کەدیارە ئەوە رەخنە نیە لەو فەیلەسوفە هێندەی گەرانەوەی شاعیرە لەناو گەمەیەکی شەهرەزادیانە بەوەی بوونی شەوێك لە میکاڤیلیەتی ژنانەی توانای ئەوەی هەیە حەقیقەتی لا بگۆرێت بە ماچێك، بەوەی ئەو ماچە بکات بە حەقیقەت.
ئەو دیدە چەندە دەشێ وەك دیدێکی دژە گوتاری هەڵچوو سەیر بکرێت، بەڵام چونکە دیدێك نیە بەتەنیا هەلگریی رەخنەیەك بێك لەدیدیی فەیلەسوفێك هێندەی رەخنەیە لە سیستمی ئەو عەقڵە، بۆیە نیتچە لەنێو ئەو ئەزمونەدا تەنیا وەك دەزگیران سەیر دەکرێت"نیتشە نەبوو../نەخێر خاوەنی ئەڵقەکەی پەنجەم بوو"لا71
بەڵام سەرباری ئەو رەخنەگرتنە لەو سیستمە ئەوە بەو مانایە نیە کە سەرباری دۆراندنی جەوهەری عەشق لای شاعیر، بەڵام عەشق پرۆژەیەکی رەت کراوە نیە، بەڵکو پرۆژەیەکە دەشێ لەتەمەنی عەشقێکدا مێژووی شکست یەکسان بێت بە مێژووی ئەو عەشقە.. نەك تەواویی عەشق، بەڵام دەشێ لەناو عەشقدا بەردەوام

گومانێك هەبێت, گومانێك کەلەناو قەسیدەی"بەرد باشترە" دا دەیبینین, ئەوا گومانە لە زمانی نێو دەقی"ئەرا پیاوێکی سوریالی" وەسفی زمان دەچێتە ناو پرۆسەی گومانەوە, بەوەی بەرد لەو پیاوە باشترە, پیاوێك کە پێشتر عەشق وایکرد بە ساحیرترین پیاو ناوی ببات, و پەپولە پێی بڵێت کە ئەو گوڵەو کەچی گومان گوڵی پەپولە بە پیاوێك وەسف دەکات کە بەرد لەو باشترە, لەبەر ئەوەی دنیایەك کە ئەو دەیویست زەمانی شاعیربوونو خەڵکی شیعریی کە هەڕەشەی مەرگ تیایدا نەبێت, ئەوەشی هەموو گومان دەیگەیەنێتە ئەوەی کە ئەو بڵێ: "تاقەتم چوو/ دەمەوێ بەعەشق بڵێم خودا حافیز/ بەرد باشترێکە لە مرۆڤ"لا124

ئەو تاقەت چوونە بەگژداچوونەوەیە بەتەواویی حیکایەتەکانی عەشق, شەڕکردنە لەگەڵ ڕابردوو, ڕەخنەگرتنە لەخود بەوەی مادامەکی ئەو هەڵگری ڕۆحێکی تەنیایە ئیدیی ئەو گەمانە چ مانایەکیان دەبێت لەنێوان تەنیایی ئەو و بەبەرد بوونی دۆستەکان" من هەر تەنیام/ لەبەر ئەوەی بەرد باشترە لە شەهرەیار"لا128

بەڵام دەبینین لە دیوانی "قاوەیەك لەگەڵ ئەودا" عەشق لای کەژاڵ پرۆسەیەکە بۆ بەردەوامی ونووسین و خەیاڵ, هەر بۆیە هەمان دەرەنجامی شیعریی جارێکی تر خۆی بەرهەم دێنێتەوە, ئەگەرچی دەلالەتی سیعریی لەو ئەزمونەدا تەواو جیاوازترە لەبەندەری بەرمۆدا, بەوەی قاوە ئاماژەیەکە لە ئەڤینە دۆستەوە دەپەڕێتەوە بۆ ئەڤینی نیشتیمان.

قاوە ئاماژەیەکی نێو زمانە بەوەی دەبێتەوە بە دەلالەتی خۆشویستن, بەکۆی ئەو زەمەنەی کە یادەوەریی خود پێك دێنێت لەبەرامبەر دنیا, بۆیە ئەو ئاماژەیە دەلالەت لەخۆشەویستیەوە دەگۆڕێتە سەر بەختەوەریی بەمانای ئەوەی ئەگەر لە تێڕوانینێکی سیمیۆلۆژیانە سەیری ئەو ئاماژەیە بکەین دەڵێین قاوە ئاماژەیەکی نێو زمانە کە خولقاندنی دالێکە بۆخۆشەویستی بۆ خود, کە لەناو دەق ئەو دالەی خود دەلالەتی بەختەوەریی دەگەیەنێت, چونکە تەنیا پەیوەندیی خۆی لەتەك ئەو ئاماژەیە(قاوە) درووست ناکات, هێندەی ئەو ئاماژەیە پەیوەندیەکی ترە بە ئەویترو دواتر ئەو ئاماژەیە توانای بەخشینەوەی ئومێدیی هەیە, کە ئەوەش بەر لە بەختەوەربوون پرسیارکردنەوەیە لە خود" من قاوەیەکم خواردەوە/ یان ژیانم/لە پایانەوە دووبارە/دەستی پێ کرد؟" قاوەیەك لەگەڵ ئەودا, لا89

بەڵام ئەو پرسیارە لەدەقەکانی دواتر تووشی گومانی دووبارەبوونەوەی شکستو یان لەوانەیە ئەو عەشقە ببێتە هەڵهاتنی مانگی چواردە, بەڵام ئەو گومانە لەناو دەقی"لەگەڵ ئەودا قاوەیەکی تر" گومانێکە توانای کۆتایی هاتنی نیە بەو دڵە ڕاوکەیە, هێندەی ئەو ئاماژەیە بۆ عەشق دەگۆڕێتە سەر ئاماژەیەکی خودیی بەوەی خۆی بە قاوە ناو دەباتەوە, بەڵام ئەوەی کۆتایی بە پرۆسەی ناونانو گومان دێنێت, ئەوە ڕۆژانی دواتر نیە بەڵکو گریمانەی هەمان یادەوەریە, بەڵام ئەمجارەیان نەك لە ڕێگەی سەرزەنشت کردنی موفرەدەی عەشق, بەڵکو موفرەدەکەو دەلالەتەکەی دەگۆڕێتە سەر ڕەهەندیی تر, عەشق بۆ پیاو دەبێت بە عەشق بۆ نیشتیمان, ئەو عەشقەش ناو دەباتەوە بە"نیشتیمان تەنیا فنجانێك قاوەیە" ئەوەش بەمانای ئەوەش دێتەوە کە قەدەری نیشتیمانیش لە قەدەریی خودێتی باشتر نابێت.

شکستو خیانەتکردنی پیاو لەو ئەزمونە شیعریەدا ئاوەژووکردنەوەی هاوکێشەکانی عەشقە, شکاندنی ماڵێکی شووشەیی عەشقە, ناوبردنی ئەو ماڵە بە شووشە پەیوەستە بەو شەفافیەتە ڕوونەی کە دنیا بە ناسکیو وەك خۆی ڕوون دەبینێت, بەڵام کاتێك ئەو ماڵە شووشەیە دەشکێت, مانای وایە هەموو شتەکان دەچنەوە دۆخی ئاسایی بوونی خۆیان, ئەوەش دەیگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە مادامەکی لە زەمەنی کوشتارگەیەکدا بین کە پیاو بەرهەم هێنەریەتی, شاعیرەکەمان دەڵێت"جادەم لە پیاو خۆشتر ئەوێ!"

لە نێوان(جادە)و(پیاو)دا هاوکێشەی شیعریی کەژاڵ بە تەواویی گۆڕانی بەسەردا دێت, بەوەی ئەو دوانە بەتەواویی لەیەك دوورن, یەکەمیان پرسیار ناکات لەبیرکردنەوەو ئەویتریش بەدوای پرسیارەکانی مەرگ دێنێت, ئەوەش ئەگەر وەك لە پێشتر ئاماژەمان پێدا هەر عەشقێك لەو ئەزمونەدا بوو بێتە هۆی کۆتایی پێهێنان بە ئازاریی شکستی پێشوو, بەڵام ئەمجارە دەیەوێت ئەو هەستە بەدوا هەستو بڕیاری شاعیرانە ناو ببات.

" جادەم لەپیاو خۆشتر ئەوێ/ خوا بمکوژێ/ ئەگەر پەشیمان بوومەوە/ خوا کوێرم کات/ ئەگەر جادەی ژنە خوا نەناسەکانم/ لە هەموو پیاوانی دنیا خۆشتر ئەوێ"لا 60

ئەوەش بەرەنجامی شاعیریەتێکە کە شاعیرەکەمان لەئەزەلەوە ئەو ڕۆحە شیعریەی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە نەك لەبەر ئەوەی ئەو سەر بەڕەگەزی مێیە نا بەڵکو ئەو وەك هەر داهێنەرێکی شیعریی ترمان ئەو ڕۆحەی تیایە

" ئەوەی کە من بەنیوەم تەمەنم سەندم/ کچێکی تر, بەدەرخستنی لاسکی ستیانەکەی وەریگرت!/ ئەمە تاڵترین نوکتەیە بۆ پێناکەنی عەزیزم" بەندەری بەرمۆدا, لا134